# پێشمەرگە



ئەی پێشمەرگەئازاکانی ناو چەپەری
شەڕی ئابڕو و شکۆداری
ئێوەجێی متمانەی باوەڕی گەلن
ئیمڕۆ لە کوچەو کۆڵانی ژێر دەستییا
هەر کەسێکمان بەئازارێ ئەتەزێین
ئەڵێین پێشمەرگەهەقمان ئەستێنێ،
پوش و ڕەز و دار ئەسوتێ
هەر ئەڵێین پێشمەرگە،
خانو و دیوار و پەنا و پاساری دێ ئەڕووخێ
هەر ئەڵێین پێشمەرگە،
کە دایکان تەرمی کوڕیان ئەبینن
هەر ئەڵێن پێشمەرگە
کە زیندانیان قامچییەك ئەخۆن
هەر ئەڵێن پێشمەرگە،
ئێوەش ئەی پێشمەرگە
بەتفەنگ بڵێن:
چاو هەڵبێنە
بۆ ئەم گەلەتۆڵەبسێنە،

فەرهاد سەنگاوی